کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-4-2007 0:40بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## مەڵبەندی کفری و گەندەڵیەکانی؟؟؟ ... ئاشتی

دیارە نووسین یان ڕەخنە گرتن یان بۆ مەبەستی خستنە ڕۆی ڕاستەکان یان پەردە هەڵماڵین لەسەر گەندەڵی لایەنێك خۆی لە خۆیدا شتێکی باشە من حەزناکەم بەم شێوەیە باسی گەندەڵی مەڵبەند بکەم بەڵام ئەوە فەترەیەکی کەمە ئەم مەڵبەندە دامەزراوە کەچی ئەمیش وەکو هەموو دامەزراوەکانی تری توشی گەندەڵی بووە؟؟بۆیە ویژدانم قبوڵی نەکرد بۆ ئەوە ئەم نووسینەم نووسی چونکە شاری کفری زۆر لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە پشتگۆی خراوە خەڵکی بەهیوای ئەوە بوو کە دروستبوونی ئەم مەڵبەندە ببێتە مایەی بوژانەوەی شار بە گشتی بەڵام بەداخەوە وادەرنەچوو؟؟؟
دیارە کفریش وەکو هەموو قەزاو شارەکانی تری کوردستان بی بەش نەبوو لەو پرۆسەی هەڵبژاردنەی کە ساڵی پار ئەنجامدرا لە کوردستان و کفریش بی بەش نەبوو مەڵبەندێکی بەرکەوت لەو پرۆسە دا من باسی ئەو کێشەو شەڕو ئاژاوەیە ناکەم کە لە سەرەتای پرۆسەکەدابوو؟ یان شەهید کردنی خێزانی بەڕێز (ئەبوعلی) کە ئەویش هەرلەئەنجامی هەڵبژاردندا بوو؟من باسی ئەو مەڵبندە دەکەم کەتائێستا جگە لە خۆیان و لایەن گرانی خۆیان هیچ کەسی تری تیا نابینم؟باشە بەرپرسی مەڵبەند ئیش و کاری چیە لە مەڵبەند؟یان هەر فریای پێنج شەممەو هەینی دەکەوێت بۆ ئەوەی زوو بڕواتەوە بۆ سلێمانی؟کەسێکی نزیکی مەڵبەند بۆی گێڕامەوە کە کارگێڕێکی مەڵبەند وتوویەتی من دەوام ناکەم تا موچەی جێگر مەڵبەندم پی نەدرێت مەڵبەندیش وەڵامیان داوەتەوە و ئەو مووچەی دەدەنی کە خۆی ئارەزووی لێبووە؟باشە بەرپرسی مەڵبەند ئەی بۆچی هەڵبژاردنتان کرد؟؟ بۆچی خەڵکی شارتان کرد بەدوژمنی یەکتر؟؟ بۆچی ژنی خەڵکیتان دابە کوشت؟؟؟ ئەمە یەکێك بوو لەو گەندەڵیەی کە بۆ ماوەی سی چوار مانگێك دەبێت ڕوویداوە؟؟من ئەوەی کە باسم کرد تەنها شتێك بوو شتی تریشم لایە بە بەڵگەوە دەیسەلمێنم تکایە مەکتەبی ڕێکخستن ئاگاداری مەڵبەندەکەی کفری بن ئەگینا ڕێزو حورمەتی (ی.ن.ك) نەماوە خاوەن شەهید خاوەن ئەنفال لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کفری هیچ دڵیان بەم مەڵبەندە خۆش نیە؟ چونکە تەنها خەمی خۆ دەوڵەمەندکردنیانە هیچی تر بۆیە تکام وایە با لەوە زیاتر یەکێتی نیشتمانی کوردستان زەرەرمەند نەبێت؟؟؟

کفری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.